**چەند لێکدانەوەیەک لەسەر بەرەنجامی هەڵبژاردنەکەی ئەم دواییەی عێراق ... نەریمان مەلا مەحمەد گەلاڵی**

ئەم جارە لەبەر گۆرینی سیستەمی هەڵبژاردن لە لایەن هاوپەیمانی شیعە بە بێ رەزامەندی زۆربەی لیستە سیاسیەکان غەدرێکی گەورە لە لیستەکانی تر کراوە بە تایبەتی لیستی هاوپەیمانی کوردستان چونکە ئەگەر وەکو جاری پێشوو بوایە واتە عێراق هەر یەک بازنەی هەڵبژاردن بوایا ئەوا لیستی هاوپەیمانی کوردستانی دەیتوانی بەو بەرەنجامانەی ئێستا بە مسۆگەری 60 کورسی بەدەست بهێنایە چۆن؟

بە کۆکردنەوەی دەنگەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە بەشێوەیەکی نا فەرمی راگەیانراوە دەردەکەوێت کە ئەم لیستە نزیکەی 2310 000 دەنگی بە دەست هێناوە لە کۆی نزیبکەی10500 000 بۆیە

22 .0 = 10500 000 / 2310 000

واتە لە % 22 ی دەنگی هەموو عێراق بۆیە:

22*275 / 100=60 کورسی زیاتر

بەلام ئەگەر دەنگی یەکگرتوو و دەنگی پارتێکی ئێزیدی کە ئەویش نزیکەی 20000 دەنگیان هێناوە بخەینە سەر دەنگی هاوپە یمانی و وەکو کورد لە عێراق لێکی بدەینەوە ئەوا: ژمارەی دەنگدەری کورد دەبێتە 2500 000 کە ئەوەش دەکاتە لە % 23، 8 دەنگی هەموو دەنگدەرانی عێراق واتە لەو بارە کورد دەبێت زیاتر لە 65 کورسی هەبێت.

ئدەتوانیین بە هەمان ئەو رێژانە رێژەی ژمارەی کورد لە عێراق بم شێوەیە بزانیین:

23%، 8 *000000 28= نزیبکەی 6600000واتە شەش ملیۆن و شەشسەد هەزار کەس لەسەر ئەو بناغەی کە لە عێراق 28000000 کەس دەژییت. هەرچەندە ئەم لێکدانەوەیە نزیککراوەییە بەلام دوور نیە لە راستی.